# راگەیاندنی " دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکانی خەڵك"
# سەبارەت بەدەسگیرکردنی هەڵسووراو و ئەندامەکانی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سلێمانیەوە

دوای ئەوەی کە "دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکانی خەڵك" بۆ بەرگری لەداخوازیو خواستە رەواکانی خەڵکی شاری سلێمانی هەر لەدابینکردنی بەردەوامی کارەباو چارەسەری قەیرانی سووتەمەنیو گرانی نرخی شتو مەکەکانو ....تاد ناڕەزایەتی دەربڕیو سەرەنجام رۆژی یەکشەممە واتە 2006/8/13 ی وەکو رۆژی مانگرتنی گشتی لەشاری سلێمانی دیاریکرد، لەو کاتەوە بەردەوام هەڵسووڕوانی ئەم دەستەیە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سلێمانیەوە تاقیبکراونو چەندین ئەندامی دەسگیرکراوە، لەچوارچێوەی ئەم هەڵمەتانەدا هەریەك لە رزگار عزیز ناسراو بەپۆلای زیندانیو "ئەبوبەکر مەجید" دوێنێ ئێوارەی رۆژی هەینی دەسگیرکراونو راپێچی زیندان کراون.

ئێمە بۆ جارێکی تر وسووربوونی خۆمان لەسەر تێکۆشانو خەبات بۆ بەدیهێنانی خواستو داخوازیەکانی خەڵکی شاری سلێمانی رادەگەیەنینو دووبارە بانگهێشتی خەڵکی شاری سلێمانی دەکەین کەبەپیری بانگەوازی مانگرتنی گشتیەوە بێن، هاوکات بەتوندی ئەم کردەوە سەرکوتگەرانەیەی ئاسایش ئیدانە دەکەینو بەپێشێلکردنێکی ئاشکرای ئازادی کارو هەڵسووڕانی سیاسیو جەماوەری دەزانینو خوازیارین دەسبەجێ ئازادبکرێن. هەروەها بانگهێشتی هەموو حزبو لایەنو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەناوخۆو دەرەوەی کوردستاندا دەکەین کەلەسەر ئەم کارو کردەوە سەرکوتگەرانە بێدەنگ نەبنو لەدژی رابوەستن..

**سەرکەوتووبێت خەباتی جەماوەری**

**بەڵی بۆ مانگرتنی گشتیو سەرتاسەری**

**دەستەی داکۆکی لەداخوازیەکانی خەڵك**

2006/8/12